
**بۆکان لەمێژوودا (٣٧٨)** **ئەنوەر سوڵتانی**

## کتێبی "ئەستێرە گەشەکانی ڕێی خەبات"




برایم چووکەڵی، "ئەستێرەگەشەکانی ڕێی خەبات (ژیاننامەی شەهیدان)"، بنکەی بڵاوکەرەوە ؟، ١٣٩١ [٢٠١٢]، ٤٢٦ لاپەڕە، کوردی.

ئەوە کتێبێکی تازە چاپە و نوسخەیم لە ڕێگەی دۆستێکی خۆشەویستەوە دەست کەتووە کە لێرەدا سپاسی دەکەم.

ئەستێرە گەشەکانی ڕێی خەبات کتێبێکی ٤٢٦ لاپەڕەییە لە ژیننامەی ٢٢٧ شەهیدی هەردوو "حزبی دیموکڕاتی کوردستان" و "حزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران" لە ناوچەی بۆکان پێک هاتووە. بەگوێرەی نووسینی نووسەر لە سەرەتای کتێبەکەدا، ئەوە بەرگی دووهەمی کتێبکەیە و پێشتر بەرگی یەکەمی سەبارەت بە ژیانی ١٣٠ شەهید نووسراوە و لە ساڵی ١٣٨٤ [٢٠٠٥] دا بڵاو کراوەتەوە (لاپەڕە ٥). نووسەر دەڵێ نەیتوانیوە ژیننامەی ١٠ کەسێکی دیکەش لە شەهیدانی حزب لە بۆکان بنووسێت بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە "لە هێزەکانی دیکەدا [جگە لە هێزی بەیان] خزمەتیان کردووە." (هەمان لاپەڕە).

هاوچەشن بۆ هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕیوەبەرن بۆئەوەی لە لایەکەوە یادی ئەو خزمەتکارە دڵسۆزانەی نیشتمانی کورد زیندوو ڕابگیرێت و لەلایەکی دیکەشەوە وەک بەڵگە بۆ جینایاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە کۆڕ وکۆمەڵە جیهانییەکاندا کەڵکیان لێ وەربگیرێت. سەد بریا ئەم چەشنە کتێبە بەڵگەنامەییانە لە قۆناغێکدا وەربگەڕێنرایەنە سەر یەک دوو زمانی نێونەتەوەیی وەک ئینگیزی و فەڕەنسی بۆئەوەی لە دواڕۆژدا بدرێنە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانیش.